# دەربارەی پەرتووکی:

# «سایکۆلۆژیای گرووپ و شیکاری ئیگۆ»ـی فرۆید



**ژان میشێل کینۆدۆ**

**وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: عەلی ئەحمەد**

## خۆشەویستی، هاوشوناسبوون و ئیگۆ ئایدیاڵ

ئایا دەتوانین بە یارمەتیی دەروونشیکاری ئەو زانینانەی کە لە بواری سایکۆلۆژیای تاکەکەسدا دەستمانکەوتووە بەسەر سایکۆلۆژیای گرووپ (جەماوەر)دا پەیڕەوکەین؟ بەپێچەوانەشەوە، ئایا توێژینەوەی دەروونشیکارییانەی دیاردەی جەماوەر زانیارییەکمان دەربارەی کارکردی دەروونیی تاکەکەس پێدەدات؟ فرۆید لە لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا زیاتر چووەپێشەوە و بە پەیڕەوکردنی تیۆرییەکەی دەربارەی **لیبیدۆ**(وزەی دەروونی)، نیشانیدا کە تەنێ هۆگری (خۆشەویستی) کاریگەریی سۆزەکییانە توانای هەیە لە یەک کاتدا زاڵ بێت بەسەر ئەو نارسیسیزمە تاکەکەسییە و ڕقەدا کە خەڵکی دابەشدەکەن. هەر دەسەڵاتی ڕەهای ئەم پەیوەستییە لیبیدۆییەیە کە تاکەکان بەرەو ڕابەر، خۆشەویستی (عەشق) بۆ مەسیح لە کڵێسادا و خۆشەویستی بۆ سەرلەشکر لە هێزی سەربازی (سوپا)دا کەمەندکێش دەکات، و خۆشەویستیش لە هەندێ ئاستی کەمدا تاکەکان لەنێو خۆیاندا لە گرووپێکدا پێکەوە دەبەستێتەوە. لێ ئەم پەیوەستییە لیبیدۆییە بریتی نیە لە عەشقێکی سێکسیی پێگەیشتوو، بەڵکو قسەکە لەسەر فۆرمێکی سەرەتایی خۆشەویستییە کە لە پەیوەندییدا بە ئارمانجەکانی خۆیەوە چەپێنراوە و بە هاوشوناسبوون (identification) ناودەبرێت، ـــ بە گوتەی فرۆید: «هاوشوناسبوون کۆنترین و پێکهێنەرترین فۆرمی پەیوەستیی سۆزەکییە بە ئۆبێکتەوە». کەواتە، بەتایبەت هاوشوناسبوونی تاکەکەس لەگەڵ ڕابەر و هاوشوناسبوونی تاکەکان لە ناقبەری خۆیاندا پێکەوەگرێدانێکی دەستەجەمی چێ دەکەن، لەدەستدانی ئەم پەیوەستییە سۆزەکییەش دەبێتە هۆکاری کەوتن و هەڵوەشانەوەکەی، ئەو کەوتنەی کە بۆنمونە ئێمە لە ترس و دڵەڕاوکێدا دەیبینین. لێ ئەم پەیوەستییە بە ڕابەرەوە پەیوەستییەکە کە لەسەر بەئایدیاڵکردنێکی (idealization) دیکەش دامەزراوە، کاتێک تاکێکی ئەندامی گرووپێک کە پاڵپشتخوازە بە ئایدیاڵێکی دروستکراو، تا ئەو ئاستە مەیلی توانەوەی هەیە کە ئەو «ئیگۆ ئایدیاڵ»ـەی وا ڕابەری جەماوەر نوێنەرایەتیی دەکات، باڵدەکێشێت بەسەر ئیگۆ (من)ـی هەموو تاکەکەسێکدا.

ئایا دەتوانین ئەو هاوکاریگەرییانەی، کە ئێمە لە ماکرۆکۆسمۆسی هاوکاریگەرییەکانی نێوان ئەندامانی گرووپێک و ڕابەرکەیاندا چاودێری دەکەین، بەسەر میکرۆکۆسمۆسی پانتایی دەروونیانەی تاکەکەسیانەدا جێبەجێی بکەین. هەر ئەمەیە خواستی فرۆید کە لە لایەنە جیاوازەکانەوە دەڕوانێتە چەمکی هاوشوناسبوون و وێنەی چەمکێکی تازەی ئەو پەیوەندییە نێو-دەروونییانە دەکێشێت کە «لەم وێنە تازەیەی ناوەوەی ئیگۆدا» خۆیان بەرهەمدەهێننەوە. ئەو گریمانەیەی کە پێیوایە ئیگۆ ئایدیاڵ (ئایدیاڵی من) شوێنی ئیگۆ دەگرێت، ڕێ بە فرۆید دەدات نە تەنێ بە تێروتەسەلی باسی ئاوەژووبوونەوەی حاڵەتی عەشق بکات، بەڵکو باسی پرۆسەکانی هاوشوناسبوونیش، وەک چۆن لە فۆرمە ئاساییەکەیاندا، ئاواش لە پاتۆلۆژییە(نەخۆشانە)کەیاندا بکات: گەر نمونەی کوڕێکی بچکۆلە وەربگرین، لە کاتی حاڵەتی گرێی ئۆدیپدا بەڕێگەی هاوشوناسبوون لەگەڵ باوکیدا دەیەوێت وەک باوکی لێ بێت و ببێت بە وی. بەپێچەوانەوە، هاوشوناسبوون لەگەڵ دایکیدا لادانی گرێی ئۆدیپی لێ دەکەوێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، فرۆید بەتەواوی باوەڕی بەوە بووە کە تەنگژەیەک لە نێوان ئیگۆ ئایدیاڵ و ئیگۆدا هەیە و ئیگۆ ئایدیاڵ لە ڕێکخراوبوونی دەروونیی ئاساییدا نوێنەرایەتی داواکارییەکانی دایک و باوک لە تاکەکەس دەکات، هاوکات ئەم تەنگژەیە لە پاتۆلۆژیادا دەتوانێت بەهێزتر بێت، و بۆ نمونە، تاکەکەس بخاتە بەردەم پێشهاتی مێلانخۆلیا(مالیخۆلیا) و مانیا. لە ئەنجامدا، فرۆید بە گەشەدان بەو ئایدیانەی وا لە کتێبی تەوتەم و تابۆ (1912 ـ 1913) فۆرموولەی کردوون، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پەیوەندییەکانی نێوان گرووپ و ڕابەرەکەیان پەیوەندییەکانی نێوان کوڕان و باوک لە خێڵی سەرەتاییدا زیندوودەکاتەوە کە دوای کوشتنی باوک کەسێک جێگای گرتۆتەوە، ـــ ئەو کەسەی بەم کارە هەڵساوە یەکەم شاعیری پاڵەوانی بووە.

## بەرەو تێگەیشتێکی باشتری ململانێ کۆمەڵاتیی و گرووپییەکان

دوای لێکۆڵینەوە لە مازۆخیزم(ماسۆشیزم) و پاڵنەری مەرگ فرۆید هەوڵیدا لەوە تێبگات کە گرووپەکان چۆن کاردەکەن، و دووبارە خۆی دەرگیری حوێندنەوەی کارەکانی کۆمەڵناسی کرد کە هەر لە لاوێتییەوە حەزی لێ دەکرد. ئەو دەربارەی ئامانجی کارەکەی بۆ ڕۆمێن ڕۆلان دەنووسێت: «پێم وانیە ئەم کارە بە سەرکەوتنێک دابنێم، لێ ئاماژە بە ڕێگایەک لە شیکاری تاکەکەسەوە بۆ کۆمەڵگا دەدات» (فرۆید بۆ ڕۆلان، نامە لە 4ی مارتی 1923، Vermorel، 1993، p. 219). فرۆید هەوڵدەدا لەژێر ڕووناهیی دەروونشیکاریدا لەوە تێبگات کە چ شتێک دیاردەکانی دەستەجەمی کۆمەڵایەتی دیاریدەکات: ئەگەر تاکەکەسەکانی ناوەوەی گرووپێک لە دەستەجەمی و ئارامی و ئاسایشدا سەرکەوتن تۆمارکەن، بۆچی هەر لەو کاتەدا ئازادیی بیرکردنەوە و توانای بڕیاردان لەدەستدەدەن؟ بۆچی جەماوەر نالێبردووتر، نائەقڵانیتر و بێبەندوبارترن لەو تاکانەی کە هەر خۆیان ئەم جەماوەرە پێکدەهێنن؟ بۆچی قەدەغەکان تێکدەشکێن کاتێک ڕقی مەرگ پەرەدەسێنێت؟

دەتوانین ناوی دوو هۆکاری بێنین کە فرۆید ناچاردەکەن ئاوڕ لە لێکۆڵینەوەی جەماوەر بداتەوە. یەکەم، جەنگی جیهانی یەکەم هێشتا لە یادگەدا تازە بوو و زۆرێک لە کارەکانی وی لەو ماوەیەدا ئەو ئارەزووە دەنوێننەوە کە باشتر لە پێکهێنەر و ڕەگەزی وێرانکاری تێبگات. دووەم، لە ساڵانی (1920)دا هێرشی بێشومار دەکرایە سەر دەروونشیکاری و ململانێ توندەکانیش لە سینگی خودی بزاوتی دەروونشیکاردا جۆشیان دەسەند. لەبەرئەوەی بەرهەمەکانی فرۆید بە زمانی ئەڵمانی نووسرابوون، بەو هۆیەوە میزاجی دژەئەڵمانی، بەتایبەت نەیارە توندەکان لە ئینگلتەرا ئەویان بێزاردەکرد، وەک ئێرنەست جۆنس گەواهی دەدات: «[دەروونشیکاری] وەک بەهەرمێکی نموونەیی گەنیووی ئەڵمانی و نەگریس گومانلێکراو بوو». لێ جۆنس هەموو دەرفەتێکی ڕەخساند بۆ ئەوەی گەرەنتیی وەرگێڕانی بەرهەمەکانی فرۆید بۆ

زمانی ئینگلیزی بکات. لە ساڵی (1920)دا گۆڤاری نێودەوڵەوتی دەروونشیکاری دامەزراند بۆ ئەوەی فەزایەک بۆ ئایدیاکانی دەروونشیکاری لە جیهانی ئینگلیزیزماندا بڕەخسێنێت. لە لایەکی دیکەوە، ئەم ماوەیە لوتکەی دوژمنایەتی و پێکەوەهەڵنەکردنی نێوان جۆنس و ئۆتۆ ڕانک بوو، هاوکاتیش فرۆید پاڵپشتی هەردووکیانی دەکرد و پشتی بەو ئەرگومێنتانە دەبەست کە ئەوان بۆ وی پێشنیاریان دەکرد. سەرەنجام ئەم ململانێیانە هەر زوو ئەوەیان پێشاندا کە دەروونشیکاران لەنێوان خۆیاندا بە جۆرێک لە جۆرەکان گوزارشت لە نەزمی کارکردی گرووپەکان دەکەن، زۆر ڕێی تێدەچێت کە بەهۆی ئەم هۆکارەشەوە فرۆید بایەخی بە تێگەیشتنێکی باشتری ئەو دیاردانە دابێت کە لێرەدا کاریگەرییان دەبینرێت. بۆنمونە، دەتوانین ئەو پرسیارە بکەین، کە ئاخۆ بزاوتی دەروونشیکاری لە قۆناغی گەشەی خۆیدا نەگەیشتبێت بەو گرووپە ڕێکخراوەی کە سەرکردەکەی ـ واتە فرۆید ـ ئایدیاڵێکی درووستکرد کە تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ *ئیگۆ ئایدیاڵی* خوێندکارەکانی ویدا هاوجووت دەبێتەوە.

## تایبەتمەندییەکانی سایکۆلۆژیای جەماوەر

فرۆید لە پێشەکی «سایکۆلۆژیای گرووپ و شیکاری ئیگۆ»دا (1921) ئەوە ڕادەگەیەنێت، کە دەروونشیکاری گرنگی بە تاکەکەس دەدات، لێ ناتوانێت پەیوەندییەکانی ئەم تاکەکەسە بە دەوروبەر و کۆمەڵەوە بەکەمبگرێت. ئەو وایدادەنێت سایکۆلۆژیای تاکەکەسییانە هاوکات سایکۆلۆژیای کۆمەلایەتییشە، هەرچەند دووەمیان هەندێ کات مەیلی بەلای ئەوەیە تاکەکەس لەبیربکات.

فرۆید بەفراوانی کارەکەی گۆستاڤ لۆبۆن «سایکۆلۆژیای جەماوەر» (1895) دەپشکێنێت بۆ ئەوەی وێنەیەکی گشتی ئەم دیاردەیە پێشانبدات و ئاریشە بنەڕەتییەکانی وی جیابکاتەوە کە دەروونشیکاری بتوانێت شتێکی تازە بخاتە سەریان. بە نۆڕینی لۆبۆن تاکەکەس لە جەماوەردا بە جۆرێک بیردەکاتەوە و کردار دەنوێنێت بەتەواوی جیاوازترە لەو کاتەی بەتەنیا بیردەکاتەوە و کردار دەنوێنێت، چونکە لە جەماوەردا کەسێتییە ئاگاییەکەی وی جێ بۆ کەسێتییە ناخودئاگا (نەستەکی)ییەکەی چۆڵدەکات. لە جەماوەردا دیاردەی تەشەنەسەندن («پەتا») (contagion) لە ئاستێکدا دەبینین کە تاکەکەس بەئاسانی دەتوانێت خولیا و بەرژەوەندییە کەسییەکانی خۆی فیدای بەرژەوەندییە گشتییەکان (کۆلێکتیڤ) بکات؛ ئەو دەبێتە کەسێکی تەڵقینکراو، وەک مرۆڤێک لەناو دەستەکانی هیپنۆتیزکاردا ("خەوێنەر"، ـــ ئەو کەسەی خەواندنی موگناتیسی دەکات). لێ بە نۆڕینی فرۆید هەر ئەو کەسەی کە جێی هیپنۆتیزکار لە جەماوەردا دەگرێتەوە، پێکهێنەرە بنچینەییەکەی ئەم ئاوێتەبوونەیە. هەروەها لۆبۆن ئەوە پێشاندەدات کە لە جەماوەردا گەڕانەوەک (regression) ڕوودەدات، ڕەفتاری تاکەکەس دەگۆڕێت بۆ ڕەفتاری مرۆڤێکی سەرەتایی (بەدەوی) یان منداڵێک. تاکەکەس دەتوانێت ببێت بە شارستانی (کەلتورنشین)، لێ لە جەماوەردا [چەندان پلە لە پەیژەی شارستانیەتدا دێتە خوارەوە و] لەسەر بنەمای ڕەمەکەکانی خۆی هەڵسوکەوتدەکات،

دەبێتە بەربەری: «ئەو [تاکەکەس] ڕێگەی خۆڕسکی، توندوتیژی و دڕندەیی، و هەروەها گوڕوتین و پاڵەوانگەرای بوونەوەری سەرەتایی دەگرێتەبەر[1]». جەماوەرە تەنێ ڕێز لە هێز دەگرێت، چاکەکاری وەکو لاوازی دەبینێت: «ئەوەی لە پاڵەوانەکانی خۆی دەیخوازێت هێزە و تەنانەت توندتیژییە. دەیەوێت ملکەچ و ژێردەستەی دەسەڵات بێت، دەیەوێت لە سەرگەورەکەی بترسێت. جەماوەر لە بنەڕەتدا بۆ هەموو شتێک کۆنەپارێزە، هەست بە قێزلێبوونەوەیەکی قووڵ لەهەمبەر هەر نوێگەری و پێشڤەچوونێک دەکات و تا ناکۆتا ڕێز لە نەریت دەگرێت[2]». بە بۆچوونی فرۆید، دەروونی مرۆڤ لە جەماوەردا، هەر وەک لۆبۆن باسی کردووە، لە زۆر شتدا هاوشێوەی دەروونی کەسی نیرۆسی (عوسابی)، زارۆک یان مرۆڤی سەرەتاییە. لە لایەکی دیکەوە، بە بۆچوونی لۆبۆن هەرکە خەڵکی گردببنەوە و یەکبگرن، یەکسەر پێویستیان بە پێشەوایەکە و جەماوەریش ئاپۆڕایەکی گوێڕایەڵە کە تینوی ملکەچییە. لۆبۆن هێزێکی ڕەهای شاراوە و بەرگەنەگیراو دەخاتەپاڵ ئەو دەسەڵاتەی «ڕابەر»ی جەماوەر کە ناوی دەنێت پرێستیژ (prestige) (شکۆ، ڕێز، کاریگەری)، فرۆیدیش پێیوایە ئەم ڕاڤەیە بەس نیە. سەرەنجام فرۆید ڕەخنەگرانە دەڕوانێتە ئەم باسە: پێیوایە لۆبۆن بەشێوەیەکی باو وەسفی وێنەی سایکۆلۆژیای جەماوەری کردووە [و شیکارییەکانی وی هەڵگری هیچ بۆچوونیکی تازە نین. هەر شتێکی بێزراو و بەدناو کە ئەو دەربارەی دەروونی جەماوەر دەیبێژێت، پێش وی، کەسانی دیکە بە هەمان پێناسە و هەمان دوژمنکارانە باسیان کردووە]، دەروونشیکاری زیاتر لەم شرۆڤە و ڕوونکردنەوەیە دەخوازێت.

[1] Фрейд З. Психология масс и Анализ Я. Пер. С немецкого А. М. Боковикова /Собрание сочинений в 9 томах. Том 9.— ООО «Фирма СТД», 2008, — с. 71

[2] هەمان سەرچاوە، ل 73

## ڕۆڵی سەرەکیی کاریگەریی سۆزەکی

فرۆید ئاوڕ لە کارێکی دیکە ـــ عەقڵی گرووپ «The Group Mind» (1920)ی ماکدوگال دەداتەوە، کە تێیدا ماکدوگال ئەوە پێشاندەدات کە هەر لە ئاستی گرووپێکی ئاسایی یان جەماوەرێکدا ئێمە دەتوانین پەی بەو دیاردە بنەڕەتییانە ببەین کە لە بنەمای سایکۆلۆژیای جەماوەردا ڕاکشاون. ئەم نوسەرە دوو مەرجی سەرەکی بۆ درووستبوونی جەماوەر دەردەخات: لە لایەکەوە، تاکەکەسەکان دەبێت شتێکی هاوبەشیان هەبێت: بەرژەوەندییەکی هاوبەش، هەمان ئاراستەی هەستەکان؛ لە لایەکی دیکەوە، دەبێت توانایەکی دیاریکراو پێشان بدەن بۆ کاریگەری لەسەر یەکتری. کەواتە، ماکدوگال ڕۆڵێکی سەنترالی کاریگەرییە سۆزەکییەکان لە درووستبوونی ئەو جەماوەرە سەرەتاییەدا دیاردەکات کە تێیدا سۆزەکان بڵندکراون و بیرکردنەوەش پرینگاوەتەوە: «لەڕاستییدا بۆ بەشداربووان، کە خۆیان دەدەنە دەست هەست و سۆزەکان و بە تامەزرۆییەوە لە جەماوەردا دەتوێننەوە، لەدەستدانی هەستەکانی سنورە تاکەکەسییەکەیان، ئەزموونێکی چێژبەخشە[3]». بە بۆچوونی ماکدوگال، شێوەگرتنی جەماوەر بە سڕینەوەی خەسڵەتە تاکەکەسییەکانی کەسێتی لە سودی جەماوەردا تایبەتمەندی خۆی وەردەگرێت: «واتە جەماوەر ئەو تایبەتمەندییانە وەردەگرێت کە پێشتر خەسڵەتی تاکەکەس بوون و لەژێر کاریگەری دروستبوونی جەماوەردا بزربوون[4]». بە واتایەکی تر، فرۆید ئەوە دیاریدەکات کە جەماوەر لە شێوەگرتنی خۆیدا «وەک ئەوەیە لە نیشانەکانی تاکەکەسدا خۆی بپۆشێت[5]»

[3]هەمان سەرچاوە، ل 79

[4]هەمان سەرچاوە، ل 81

[5]هەمان سەرچاوە، ل 82

## هێزی خۆشەویستی (عەشق)

ئایا دەتوانین چ ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی بڵندکردنەوەی کاریگەرییە سۆزەکییەکان و پرینگانەوەی بیرکردنەوە بدەین کە تایبەتمەندە بە سایکۆلۆژیای جەماوەر؟ بەشی زۆری نوسەران پێش ئەو دەمە لەسەر خاڵی تەڵقین دەوەستان. لێ فرۆید ئەم ڕاڤەیە بە کێماسی دادەنێت و بەرەو لای چەمکی دەروونشیکارییانەی لیبیدۆ دێت، لیبیدۆ کە واتای ئەو پاڵنەرانە دەدات وا لە گشتگیردا چەمکەکانی خۆشەویستی (عەشق) بەیەکەوە گرێدەدات. بە بۆچوونی فرۆید، قسەکە دەربارەی خۆشەویستییەکە لە واتایەکی فراواندا، کە پاڵنەرە سێکسییەکان لەخۆدەگرێت، کە وەک چۆن هاوتایە لەگەڵ ئیرۆسی پلاتۆنی، ئاواش هاواتایە لەگەڵ عەشقێکدا کە پۆڵسی پەیامبەر لە یەکەم پەیامیدا بۆ خەڵکی کۆرینتیان دەریدەبڕێت. فرۆید بە بنەماگرتنی ئەزموونی خۆشەویستی، ئەو گریمانە پێشدەخات کە «پەیوەندییە خۆشەویستییەکان (یان گەر بە واتایەکی زیاتر ناچالاک دەریببڕین: پەیوەستییە سۆزدارییەکان)[6]» ناوەڕۆکی ئەو هەست و سۆزانە پێکدێنن کە جەماوەر پێکەوە گرێدەدات. بە واتایەکی جیاوازتر، ئەوە عەشقە دەتوانین ئەو هێزە بخەینەپاڵی کە پاڵپشتی کۆبوونەوەی جەماوەر دەکات و مرۆڤی تاک ناچاردەکات واز لە تاکایەتی خۆی بێهێنێت و خۆی بداتە دەست تەڵقینی ئەوانیتر «لەپێناو خۆشەویستی بۆ ئەوان[7]».

[6] هەمان سەرچاوە، ل 86

[7] هەمان سەرچاوە، ل 87

## کڵێسا و سوپا

پاشان فرۆید لێکۆڵینەوە لە دوو گرووپی ڕێکخراوی باڵا دەکات، ئەوانیش کڵێسا و سوپان ـــ کە بە دروستکراو دایاندەنێت، بەو واتایەی کە پێویستیان بە هەندێک ناچاری دەرەکی هەیە بۆ ئەوەی گەرەنتی پێکەوەگرێدان و یەکێتییەکەیان بکرێت. کڵێسا، بەتایبەت کاسۆلیکی، پێشەوایەکی هەیە کە مەسیحە، بە هەمان شێوەیەش لە سوپا یان هێزی سەربازیدا سەرلەشکرێک هەیە. ڕابەرەکە «خۆشەویستییەکی یەکسان بە هەموو تاکەکانی گرووپەکە دەدات. هەموو شتێک پشت بەم وەهمە دەبەستێت، هەر کاتێکیش وەهمەکە تێکبشکێت، یەکسەر هەلومەرج و ناچارییە دەرەکییەکان ڕێدەدەن، کڵێسا و سوپا هەڵبوەشێنەوە[8]». لە کڵێسادا ئەوە خۆشەویستی مەسیحە بۆ ئەندامانی کۆمەڵگای مەسیحی کە ئەوان پێکەوە کۆدەکاتەوە، ئەوان لە نێو خۆیاندا لە مەسیحدا خۆیان بە برا و خۆشک ناودەنێن، و بە بۆچوونی فرۆید، مەسیحیش گوزارشت لە فیگورێک دەکات کە شوێنی باوک دەگرێتەوە. بە دەقیقی لە سوپاشدا سەروکارمان لەگەڵ هەلومەرجێکی وادا هەیە: «فەرماندە باوکێکە کە هەموو سەربازەکانی وەکو یەک خۆشدەوێت، هەر لەبەر ئەوە ئەوانیش لەناو خۆیاندا وەک هاوڕێن[9]». هاوکات سوپا بەهۆی بونیادی هیرارکیەتی هەرەمییانەی تاکەکان جیاوازترە لە کڵێسا، لە ڕێبازی مەسحییدا زیاتر لە سوپادا گرنگی بە تاکەکان دەدرێت.

سەرەنجام «لەم دوو گرووپە دروستکراوەدا هەموو تاکەکەسێک بەشێوەی لیبیدۆیی گرێدراوە، لە لایەکەوە، بە ڕابەرێکەوە (مەسیح، فەرماندە)، لە لایەکی دیکەوە، بە ئەندامانی دیکەی گرووپەکەوە[10]». ئەو فاکتەی کە پێشانیدەدات هەموو تاکەکەسێک هۆگرییەکی سۆزەکیی لەم

---

[8]هەمان سەرچاوە، ل 89

[9]هەمان سەرچاوە، ل 89

[10]هەمان سەرچاوە، ل 90

دوو ئاراستەیەدا جێگیردەکات، سنورداریێتییەک ڕووندەکەتەوە، کە ئێمە لە کەسێتی هەموو تاکەکەسێکدا لە جەماوەرێکی هاوشێوەدا تێبینی دەکەین. سەلماندنی ئەمە لە دیاردەی حەپەساندا دەیبینین، کاتێک هۆگری سۆزەکیی لەدەستدەدرێت، بۆ نمونە، حەپەسان باڵدەکێشێت بەسەر لەشکرێکی سەربازیدا و ناچاریان دەکات یەکێتییەکان لەدەستبدەن. لەم ڕەوشەدا ترس لەهەمبەر مەترسی دەبێتە هۆی تێکشکاندنی پەیوەستییە لیبیدۆییەکانی گرووپەکە، و فرۆید هاوتاریبییەک دەخاتە نێوان حەپەسان لە گرووپ و ڕیشەی ئەو دڵەڕاوکێیە نیرۆسییەدا کە بنەمای لەسەر «پچڕانی کاتی هۆگرییە سۆزەکییەکان (بارگە "خەرجکردنە" لیبیدۆییەکان)[11]» بەستووە. ئەو لە ساڵی (1926)دا بۆ ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە لە کارەکەی (خۆگرتنەوە، سیمپتۆم و دڵەڕاوکێ)دا. جەماوەری ئایینیی هەڤدژییە هەستەکیەکان پێشاندەدات، لێ هاندەر و ئەنگێزە دوژمنکارییەکان لەودا سەرکوت دەکرێن «بەهۆی خۆشەویستییەکی یەکسانی مەسیح بۆ هەموو کەسێک[12]». لێ دوژمنایەتی بەهۆی نامیهرەبانی سەرهەڵدەدات: «لە ناوەڕۆکدا، هەموو ئاینێک هاوشێوەی ئاینی خۆشەویستییە بۆ هەموو ئەو کەسانەی وا پێکەوەیان دەبەستێتەوە، و هەموو مەیلێکە بەلای توندی و نامیهرەبانی لە پەیوەندیدا بەو کەسانەی وا پەیوەست نابن پێیەوە[13]». ئەم نامیهرەبانییە ئەو کاتەش بەردەوام دەبێت کاتێک پەیوەستییەکی دیکە جێی پەیوەستی ئایینی دەگرێتەوە، بۆ نمونە، ئەوەی کە بزوتنەوەی کۆمونیستی پێکەوەی دەبەستێتەوە: «... وەک ئەوەی کە سەردەمی ئەمڕۆ، وادیارە پەیوەستییەکی سۆسیالیستی سەرکەووتو بێت، ـــ سەرهەڵدانی هەمان نامیهرەباییە لە پەیوەندیدا بە دەوروبەری دەرەوە، وەک لە زەمەنی جەنگە ئایینییەکاندا...[14]».

---

[11] هەمان سەرچاوە، ل 92

[12] هەمان سەرچاوە، ل 93

[13] هەمان سەرچاوە، ل 93

[14] هەمان سەرچاوە، ل 93

## خۆشەویستی و ڕق وەک فاکتەرە گرێدەرەکان

فرۆید بە بەردەوامیدان بە توێژینەوەکەی خۆی دەربارەی سرووشتی پەیوەندیی نێوان گرووپ (جەماوەر) و ئەندامەکانی، وایدادەنێت کە لە گرووپدا نە تەنێ خۆشەویستی، بەڵکو ڕقیش فاکتەرێکی گرێدەرە. کەواتە، ڕەفتاری گرووپیش بە هەمان شێوە خەسڵەتی هەڤدژی هەستەکی (Ambivalence) وەردەگرێت(کینەڤین)، واتە ئەو هەستە دوژمنکارانەی کە ئاراستەی ئەو کەسانە کراون وا خۆشیاندەوێن. لێ لە ناوەوەی هەمان گرووپدا بەشێوەیەکی پارادۆکسانە پەی بەوە دەبەین کە هەستە دوژمنکارییەکانی نێوان تاکەکەسەکان کاتێک پەرەدەسێنن کە گردبوونەوەکە خۆی دەپارێزێت. لەو کاتەدا تاکەکەس دڵخوازانە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی لە سودی بەرژەوەندییەکانی ئەندامانی دیکەی گرووپەکە ڕەتدەکاتەوە. فرۆید ئەم سنوردارییەی نارسیسیزم دەخاتەپاڵ سروشتی سۆزەکی ئەو بارگە لیبیدۆییەی کە لە نێوان واندا جێگیردەبێت. ئەم خۆ-ڕەدکردنەوە لەسودی زۆرینە، بە نێرینی وی، یەکێکە لە بنەماکانی شارستانیەت: «وەک چۆن لای مرۆڤێکی تاک، ئاواش لە گەشەی هەموو مرۆڤایەتیدا، تەنێ خۆشەویستی وەک فاکتەری کولتور کاریگەری داناوە، بەو واتایەی هەڵگەڕانەوەیەک لە خۆپەرستییەوە بۆ خۆنەویستی پەرە پێبدات[15]».

---

[15] هەمان سەرچاوە، ل 97

## هاوشوناسبوون ــ یەکەم دەرکەوتەی پەیوەستیی سۆزەکی بە ئەوانیترەوە

فرۆید لە خۆشەویستییەوە وەک فاکتەری کۆکردنەوەی کۆمەڵ تێدەپەڕێت بۆ هاوشوناسبوون، واتە بۆ ئەو فاکتەرەی دیکە کە توانای هەیە کاریگەری پەیوەستی سۆزەکی لە ناوەوەی جەماوەردا چێ بکات. بە ڕستەیەکی وەسفی خۆشەویستی و هاوشوناسبوون پێکەوە گرێدەدات: «لە دەروونشیکاریدا هاوشوناسبوون وەکو یەکەم گوزارشتی پەیوەستی سۆزەکی لەگەڵ ئەوانیتردا دیاریدەکرێت[16]». هاوشوناسبوون لە سەرەتای گەشەی گرێی ئۆدیپدا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت، و فرۆید باس لەو ڕێگایە دەکات کە کوڕی بچکۆلە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ باوکیدا تێیدەپەڕێنێت: «دەخوازێت وەک باوکی لێ بێت و ببێت بە وی، لە هەموو پەیوەندییەکاندا جێی وی بگرێتەوە. بە کورتی دەتوانین بێژین، ئەو باوکی کردووە بە ئایدیاڵی خۆی[17]». لە یەک کاتدا، کاتێک خۆی لەگەڵ باوکیدا هاوشوناسدەکات، خۆی بە دایکەوە وەکو ئۆبێکتێک دەبەستێتەوە، ئەمەش پەیوەستییەکی لیبیدۆیی سێکسییانەیە. ئینجا ڕووبەڕووی ئەو شتە دەبێتەوە کە ناودەبرێت بە حاڵەتی ئۆدیپی ئاسایی و هاوشوناسبوونە پیاوانەکەی وزەیەکی دوژمنکارانە لە پەیوەندا بە باوک-ڕکابەرەوە وەردەگرێت کە ئارەزوو دەکات شوێنەکەی بە تەنیشت دایکیەوە بگرێت، بەم شێوەیەش هاوشوناسبوونەکەی خەسڵەتێکی هەڤدژی هەستەکی وەردەگرێت. سەرەنجام چارەنووسی ئەم هاوشوناسبوونە لەگەڵ باوکدا «واتەکەی لەدەستدەدات[18]».

لێ ئەوەش ڕودەدات کە گرێی ئۆدیپ ئەزموونی دووچاری لادان دەبێتەوە و کوڕی بچکۆلە خۆی لەگەڵ ئۆبێکتی ئارەزووی باوکدا هاوشوناس دەکات، واتە هاوشوناسی لەگەڵ دایکی خۆی

---

[16] هەمان سەرچاوە، ل 98

[17] هەمان سەرچاوە، ل 98

[18] هەمان سەرچاوە، ل 99

ئەنجامدەدات، و پێگەیەکی ژنانە دەگرێت، هاوکات باوک دەبێتە ئۆبێکتی غەریزە سێکسییەکان. دەکرێت لادان لە جێگۆڕکێی هاوشێوەوە لای کچانی بچکۆلەش ڕوبدات. کەواتە، لەم حاڵەتەدا کامەیە جیاوازی لەنێوان هاوشوناسبوون لەگەڵ باوک لە گرێی ئۆدیپی ڕاستەوخۆ و هاوشوناسبوون لە گرێی ئۆدیپی هەڵگەڕانەدا کاتێک باوک وەک ئۆبێکت دەردەکەوێت؟ فرۆید بەرسڤێکی سادە، لێ تێروتەسەل دەداتەوە: «لە حاڵەتی یەکەمدا باوک کەسێکە دەخوازن ببنە وی، لە حاڵەتی دووەمدا باوک کەسێکە دەخوازن بیکەن بە موڵکی خۆیان[19]».

پاشان فرۆید باسی چەند فۆرمێکی هاوشوناسبوون دەکات، هاوکاتیش هەمان یەک سیمپتۆم دەکرێت خۆی بە سێ فۆرمی هاوشوناسبوونەوە ببەستێتەوە. بۆ نمونە، دەتوانین لە سەرەتاوە ئەو هاوشوناسبوونە هیستریاییە جیابکەینەوە کە نمونەکەی کچێکی بچووکە و کۆکەی دایکی دووبارە دەکاتەوە: «هاوشوناسبوونەکە هەمان ئەو شتەیە، کە لە گرێی ئۆدیپشدا، واتای ئارەزوویەکی دوژمنکارانە دەبەخشێت بۆ ئەوەی جێی دایکی بگرێتەوە، سیمپتۆمەکەش گوزارشت لە خۆشەویستییەکی ئۆبێکتی بۆ باوکی دەکات[20]». لەم حاڵەتە مومکینەی یەکەمدا سیمپتۆم هەر ئەوەیە کە لای ڕکابەرە ڕقاوییەکە هەیە و هاوشوناسبوونی کچەکەش لە یەک کاتدا گوزارشتە لە شەڕەنگێزی وی لە پەیوەندیدا بە دایکیەوە و خۆشەویستی بۆ باوکی. فۆرمێکی دیکەی ئەو هاوشوناسبوونەی کە لە دروستبوونی سیمپتۆمدا بەشداری دەکات، خۆی لە کۆکەی "دۆرا" دەبینێتەوە کە لاسایی کۆکەی باوکی خۆی دەکاتەوە، لەو شوێنەی سیمپتۆم، سیمپتۆمی مرۆڤێکی خۆشویستراوە: «هاوشوناسبوون شوێنی هەڵبژاردنی ئۆبێکتی گرتۆتەوە، هەڵبژاردنی ئۆبێکتیش گەڕاوەتەوە بۆ هاوشوناسبوون؛ <...> زۆرجار ئەوەش ڕوودەدات کە هەڵبژاردنی ئۆبێکت دەگۆڕێت بۆ هاوشوناسبوون، واتە ئیگۆ تایبەتمەندییەکانی ئۆبێکت وەردەگرێت[21]».

---

[19] هەمان سەرچاوە، ل 99

[20] هەمان سەرچاوە، ل 99

[21] هەمان سەرچاوە، ل 99 -100

سێیەم فۆرمی هاوشوناسبوونیش هەیە کە بنەمای لەسەر گشتێتی (کۆمەڵ)دا بەستووە، واتە هاوشوناسبوون لەگەڵ یەکێک یان چەند کەسێکدا کە گوزارشت لە ئۆبێکتی پاڵنەرە سێکسییەکان ناکەن: لەم حاڵەتدا قسەکە دەربارەی هاوشوناسبوونێکی بەشەکییە کە پەیوەستییەکی نوێ چێدەکات. فرۆید نمونەی هیستریای دڵەکوتێ دەهێنێتەوە، سیمپتۆمێک کە دەکرێت لەنێو کچە خوێندکارەکانی قوتابخانەیەکی هەمیشەی (نمونەیی) بەڕێگەی تەنینەوەی دەروونی بەربڵاوبێتەوە. کەواتە، ئەم سێ فۆرمەی هاوشوناسبوون ئەوە پێشاندەدەن، کە «یەکەم، هاوشوناسبوون سەرەتاییترین فۆرمی پەیوەستی سۆزەکیی بە ئۆبێکتەوە؛ دووەم، هاوشوناسبوون بەڕێگەی گەڕانەوەوە شوێنی پەیوەستی لیبیدۆیی ئۆبێکت دەگرێت، بە جۆرێک لە جۆرەکان بەڕێگەی ناوهاوێژی بەرەو ئیگۆ؛ سێیەمیش، هاوشوناسبوون دەکرێت هەموو جارێ لە هەستی هاوبەش لەگەڵ کەسێکدا سەرهەڵبدات کە ئۆبێکتی پاڵنەرە سێکسییەکان نیە[22]». بە بۆچوونی فرۆید خاڵی سێیەم گوزارشت لە هاوشوناسبوونێک دەکات کە گرووپ بە ڕابەرەکەیەوە گرێدەدات.

دواتر فرۆید باس لەجۆرێکی دیکەی هاوشوناسبوون دەکات ــــ هاوشوناسبوون لەگە ئۆبێکتی جێهێڵراو یان لەدەستچوو؛ لێرەدا دوو نمونە دەهێنێتەوە. یەکەم پەیوەندی بە هاوشوناسبوونێکەوە هەیە بەڕێگەی ناوهاوێژی (introjection) بەرەو ئیگۆی فەنتازیایەک دەربارەی ئەو ئۆبێکتە جێهێڵراو یان لەدەستچووەی کە ئەم فەنتازیایە جێی دەگرێت. فرۆید هەر بەم شێوەیە سەرچاوەی هاوڕەگەزخوازی پیاوانە ڕووندەکاتەوە، کە لەسەر نمونەی لیۆناردۆ (1910) داڤینچی باسیکردووە: لیۆناردۆ خۆی لەگەڵ دایکیدا هاوشوناسکردوە و بەو شێوەیە خۆشیویستووە کە دایکی ئەوی خۆشویستووە. جۆری دووەمی هاوشوناسبوون لەگەڵ ئۆبێکتی جێهێڵراو یان لەدەستچوو لە مێلانخۆلیا یان خەمۆکیدا بەرچاودەکەوێت، واتە ئەو کاتەی

---

[22] هەمان سەرچاوە، ل 100

بەشێکی ئیگۆ لەگەڵ ئۆبێکتی لەدەستچوودا هاوشوناسدەبێت. فرۆید دەگەڕێتەوە بۆ ململانێ ناوخۆیە دەروونییەکانی کەسی مێلانخۆلیایی کە تێیدا بەشێکی ئیگۆ بەر نەفرەتی بەشەکەی دیکە دەکەوێت و لەژێر ناوی «ئیگۆ ئایدیاڵ»دا باس لە بریکارێکی ڕەخنەیی دەکات کە هەندێ کات زۆر بێبەزەییە و فرۆید دەیخاتەپاڵ کارکردی «خۆ-چاودێریکردن، ویژدانی ئەخلاقی، سانسۆری خەونەکان، کاریگەرییەکی سەرەکی لە چەپاندندا[23]». فرۆید ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ڕەخنەیەکی ناوەکی هاوشێوە هەروەها لەو داخوازیانەوە سەرهەڵدەدات کە لەژێر کارگەری فیگورە گرنگەکان بەتایبەت دایک و باوکدا بەسەر ئیگۆدا سەپێنراون. لە ساڵی (1923)دا ئەم بریکارە ناودەنێت سوپەرئیگۆ.

## دروستبوونی ئیگۆ ئایدیاڵ (Ego-Ideal)

فرۆید کاتێک هاوشوناسبوون وەک فۆرمێکی خۆشەویستی دیاریکرد، ئینجا توێژینەوە لەو خاڵە هاوبەشە دەکات کە لە نێوان حاڵەتی سۆزی عەشق و ئیگۆ ئایدیاڵدا هەیە: دوای ئەمە هاوتەریبییەک دەکاتە جێی باس لە نێوان ئەو هەست و سۆزە کاریگەرییانەی کە خەوێنەر بەسەر خەوێنراودا دایدەنێت، و کاریگەرییەکدا کە ڕابەر بەسەر گرووپدا دایدەنێت

فرۆید سەبارەتی بە سۆزی خۆشەویستی، باسی ئەو وەرچەرخانانە دەکات کە هەستی خۆشەویستی لە ڕەوتی گەشە منداڵیدا دەیچێژێت و پەیوەستە بە پاڵنەرە سێکسییەکانەوە. بە نێرینی وی دوو لێشاوی جیاواز لە خۆشەویستیدا هەن ـــ ئەوانیش ئەڤینی ناسکی و تامەزرۆییە، و مەیلی یەکگرتن دەکەن بۆ ئەوەی فۆرمێکی باڵا ـــ عەشقی زایەندی پێکەوەبنێن. هەدێ کات ئەم دوو لێشاوە دەرفەتیان بۆ ناڕەخسێت یەکبگرن، و ئێمەش جوداییەک لە نێوان لێشاوی

---

[23] هەمان سەرچاوە، ل 102

ناسکی و لێشاوی هەستەکیدا دەبینین: بۆ نمونە لای هەندێ پیاوی ڕۆمانسی ئەو دەبینین کە هێزی شاراوە و حەزیان بۆ ئەو ژنانە لەدەستدەدەن کە حەزیان لێدەکەن و پێیان سەرسامن، و بەپێچەوانەشەوە، حەزی سێکسییان بۆ ژنانە دەبێت کە خۆشیاننناوێن. لە ئاوەژووبوونەوەیەکی دیکەی حاڵەتی عەشقدا مرۆڤ بەشێوەی سێکسی بەهایەکی زیاتر دەدات بەو ئۆبێکتەی کە خۆشیدەوێت، لە حاڵەتی بەئایدیاڵکردندا خۆشیدەوێت، لێ ئەم حاڵەتە کە هەر ڕەخنەیەک لە پەیوەندییدا بە ئۆبێکتەوە تێکدەشکێنێت، بەرەو نارسیسیزم نزیکدەیتەوە: «ئۆبێکت جێی ئیگۆ ئایدیاڵی بەدەستڕانەگەیشتوو دەگرێتەوە. ئێمە بەهۆی کاملبوونەوە ئۆبێکتمان خۆشدەوێت، کە مرۆڤ بۆ ئیگۆی خۆی دەیخوازێت و ئێستاش دەمانەوێت بە شێوازێک پێی بگەین کە نارسیسیزمی خۆمان تێربکات[24]».

لەو پەڕی حاڵەتەکانی سەرنجڕاکێشانی عاشقانەدا، بەئایدیاڵکردن بە شێوەیەکە کە ئیگۆ بەتەواوی خۆی دەداتە دەست ئۆبێکت، «دەتوانین بێژین، ئۆبێکت ئیگۆ قووتدەدات[25]»، بەرامبەر هەر ڕەخنەیەک سەرکزی و بێدەنگی هەڵدەبژێرێت. بە واتایەکی تر، «ئۆبێکت شوێنی *ئیگۆ ئایدیاڵ* دەگرێتەوە». ئەمە پرسی جیاوازی نێوان هاوشوناسبوون و حاڵەتی عاشقبوون بەم شێوەیەی خوارەوە قووتدەکاتەوە: لە حاڵەتی هاوشوناسبووندا ئیگۆ بە چۆنیەتییەکانی ئۆبێکت خۆی دەوڵەمەند دەکات، بە گوتەی فێرێنزی، ئۆبێکتەکەی «ناوهاوێژکردۆتەوە». بە نێرینی فرۆید، لە حاڵەتی عەشقدا، ئیگۆ «هەژاردەبێت، خۆی دەداتە دەست ئۆبێکت، ئۆبێکت لە شوێنی گرنگترین بەشی پێکهێنەری خۆیدا دادەنێت[26]». لێرەدا پێویستە سەرنجبدەین کە فرۆید جیاکاری لە نێوان حاڵەتی عەشق و بەئایدیاڵکردنی ئۆبێکتدا ناکات. بە بۆچوونی وی،

---

[24]هەمان سەرچاوە، ل 105

[25]هەمان سەرچاوە، ل 106

[26]هەمان سەرچاوە، ل 106

بەئایدیاڵکردنی ئۆبێکت بە لەدەستدانی ئیگۆ بەدیدێت، هەر لەبەر ئەوە فرۆید دەیەوێت حاڵەتی شەیدابوونی عەشق لە بنەڕەتەوە بە پاتۆلۆژی دابنێت.

هەرچی سەبارەت بە  هاوپەیوەندییەکانی نێوان هیپنۆز و حاڵەتی عەشقە، فرۆید هاوتەباییە ڕوون و ئاشکراکەیان پێشاندەدات. بە بۆچوونی وی، لە حاڵەتی هیپنۆتیزدا، لە بەرامبەر کەسی هیپنۆتیزکاردا هەمان ئەو ملکەچی، خۆبەدەستەوەدان و نەبوونی ڕەخنەیە تێبینی دەکەین کە لە بەرامبەر ئۆبێکتی عەشقدا دەیبینین: «گومان نیە لەوەدا کە هیپنۆتیزکار شوێنی *ئیگۆ ئایدیاڵی* گرتۆتەوە. <...> هیپنۆتیزکار تاکە ئۆبێکتە کە جگە لە وی سەرنج ناخرێتە سەر هیچی دیکە[27]». ئەگەر پەیوەندیی هیپنۆتیزی گوزارشت لە خۆبەدەستەوەدانی بێسنووری کەسێکی عاشق بکات، بەدەر بێت لە تێربوونی سێکسییانە، ئەوا لە حاڵەتی عەشقدا، بەپێچەوانەوە، ئەم تێرکردنە سێکسییە لە داهاتوودا وەکو ئامانجێک لە بەرنامەدا دەمێنێتە. بە واتایەکی دیکە، دەتوانین بێژین پەیوەندیی هیپنۆتیزی «وەک دروستبوونی جەماوەرێکی دوو کەسییە[28]»، بەڵام هەر ئەو مەیلانەی وا بەتاڵکراون لە ئامانجی سێکسی، خەڵکی لە جەماوەردا پێکەوە گرێدەدەن، واتە ئەو «مەیلە سێکیسیانەی وا ڕێ لە ئامانجەکەیان گیراوە». لە ئەنجامدا بە وردبوونەوە لەو ڕۆڵەی کە ئیگۆ ئایدیاڵ دەیگێڕێت، فرۆید پێناسەیەی ئەو جەماوەرەی کە ڕابەرێکی هەیە بەم شێوە پێشنیاردەکات: «گرووپی سەرەتایی هاوشێوە گوزارشتە لە ژمارەی ئەو تاکەکەسانەی کە ئۆبێکتێکی هاوبەشیان لە شوێنی *ئیگۆ ئایدیاڵی* خۆیان داناوە و لە بەرەنجامی ئەمەشدا لە ئیگۆی خۆیاندا لەگەڵ یەکتریدا خۆیان هاوشوناسکردووە[29]».

---

[27] هەمان سەرچاوە، ل 107

[28] هەمان سەرچاوە، ل 107

[29] هەمان سەرچاوە، ل108

# باوکی هۆزی سەرەتایی، ڕابەر و هیپنۆتیز

فرۆید بە ڕەددانەوەی ئایدیایەک دەربارەی هەبوونی «غەریزەیەکی کۆمەڵەیی» دیاریکراو، لەو شێوەیەی کە "ترۆتێر" باسی کردووە، لێکۆڵینەوە لە لێکچوونێک دەکات کە ئەو لە نێوان سایکۆلۆژیای جەماوەر و ڕێکخراوبوونی ئەو هۆزە سەرەتاییەدا تێبینی دەکات، کە وەک ئەو وایدادەنێت، جەماوەر بەرهەمیدەهێنێتەوە. کەوابوو ڕابەری جەماوەر هاوتای ئەو باوکە سەرەتاییەیە کە ترس دروستدەکات، ئەویش لەو کاتەی پێگەی ملکەچیانەی تاکەکەسەکان هاوتای گەڕانەوەیەکە بەرەو حاڵەتێکی دەروونی سەرەتایی لە هۆزێکی ڕێکخراودا. لە دووەمیاندا باوکی سەرەتایی دەسەڵات بەسەر کوڕەکانی خۆیدا دەسەپێنت، ڕێگریان لێ دەکات بگەن بە تێربوونی سێکسی، بەم شێوەیە پەیوەندی نێوان براکان لە مەیلە سێکسییە ڕێلێگیراوەکانەوە سەرهەڵدەدات، هەر وەک لە جەماوەرشدا وەهایە. لە سەرەتاوە کوڕ یەکسەر شوێنی سەرگەورە کوژراوەکە دەگرێتەوە و هەموو دەسەڵات و تێربوونێکی سێکسی بە خۆی دەدات، و بەم شێوەیە ئەوەی پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە، وەکو ئامانجێک کۆتایەکی گرنگ بۆ مەیلە سێکسییە ڕێلێگیراوەکان دادەنێت. ئەگەر لە کڵێسادا، وەک چۆن لە سوپاشدا، لای هەموو تاکەکەسەکان وەهمێکی ئایدیالیستی هەبێت، وەک ئەوەی ڕابەر هەموویانی وەک یەک و دادپەروەرانە خۆشدەوێت، ئەوا لە هۆزی سەرەتاییدا، بەپێچەوانە، تەنیا ڕق کۆیانیدەکردەوە، چونکە تاکەکان «وەکو یەک دەیانزانی هەڕەشەی باوکی سەرەتاییان لەسەرە و وەکو یەک لێی دەترسان[30]».

دوای ئەوە فرۆید پرسێک دەربارەی سرووشتی کاریگەریی نهێنی پاشا یان ڕابەری هۆز دەورژێنێت کە هاوشێوەی ئەو هێزە کاریگەرەیە کە هیپنۆتیزکار هەیەتی. هیپنۆتیزکار لە کاتی چارەسەریدا دەخوازێت هەموو سەرنجەکە بۆ کەسێتی خۆی ڕاکێشێت و جیهانی دەرەکی

[30]هەمان سەرچاوە، ل 116 - 117

دابخات، ئەویش لە پەیوەندییەکی هیپنۆتیکی نائاگایانەدا کە هاوشێوەی گواستنەوەیە. هەر وەک فێرێنزی پێشانیدا (1909)، لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە دەتوانین وایدابنێین، کە کاتێک هیپنۆتیزکار فەرمان بە نەخۆش دەکات بخەوێت، شوێنی دایک و باوک دەگرێتەوە. لەم پەیوەندییانەدا هیپنۆتیزکار (خەوێنەر) بەشێک لە میراتی دێرینی هیپنۆتیزکراو (خەوێنراو) بێداردەکاتەوە و دووبارە ناچاریدەکات پەیوەندی بە باوکی ترسناکی هۆزی سەرەتاییەوە زیندووبکاتەوە، واتە ئەو پێگە «پاسیڤ ــ مازۆخیستییە»ی کە ئێمە لە پەیوەندیدا بەو ڕابەرەی هۆزەوە دەیبینین کە «هەمیشە بەو باوکە سەرەتاییە دەمێنێتەوە وا ترس بڵاودەکاتەوە». فرۆید، سەبارەت بەوەی کە ڕابەری جەماوەر تینووی دەسەڵاتە و جەماوەریش دەخوازێت تا ناکۆتا ملکەچی بێت، سەرەنجام دەگات بەوەی کە «باوکی سەرەتایی ــ ئایدیاڵی جەماوەرە، کە لەجیاتی ئیگۆ ئایدیاڵ دەسەڵات بەسەر ئیگۆدا دەسەپێنێت[31]».

## ئیگۆ ئایدیاڵ لە حاڵەتی ئاسایی و پاتۆلۆژیادا

فرۆید دووبارە بە تێبینیکردنی دیارە پاتۆلۆژییەکان خۆی نزیک دەکاتەوە لە داهێنانێک لە بواری کارکردی تاکەکەسی ئاساییدا. کەواتە، دەروازەی جیاکاری نێوان ئیگۆ و ئیگۆ ئایدیاڵ، واتە ئەم چەمکە تازەیەی کارکردی دەروونی، ڕێ بە وی دەدات ڕاببگەیەنێت کە هاوکاریگەریەک لە نێوان ئیگۆی یەکانگیر («ئیگۆ وەک گشت») و ئۆبێکتە دەرەکییەکاندا، بە پلەی یەکەم، لە جیهانی ناوەکییدا دووبارەدەبێتەوە، واتە «لەم وێنە تازەیەی ناوەوەی ئیگۆدا[32]».

فرۆید بەرئەنجامەکانی ئەم فاکتە وەک چۆن لە حاڵەتی ئاسایی، ئاواش لە پاتۆلۆژیادا ڕووندەکاتەوە. کاتێک سەروکارمان لەگەڵ ڕێکخراوبوونی دەروونیی ئاساییدا هەیە، جیاکاری

[31] هەمان سەرچاوە، ل 119

[32] هەمان سەرچاوە، ل 121

نێوان ئیگۆ و *ئیگۆ ئایدیاڵ* دەگوازرێتەوە بۆ تەنگژەی نێوان دوو جەمسەری دژیەک لە پەیوەندیدا بە ئۆبێکتەکانەوە، تەنگەژەیەکی لێ دەکەوێتەوە کە بەرگەگرتنی بۆ ماوەیەکی درێژ ئاسان نیە. بۆنمونە، لە خەوندا ماوە ماوە دەگەڕێینەوە بۆ حاڵەتی دوورکەوتنەوە لە ئۆبێکت کە گوزارشت لە گەڕانەوەیەکی نارسیستییانە دەکات. کاتێک سەروکارمان لەگەڵ پاتۆلوژیادا هەیە، دەتوانین وا بیربکەینەوە کە جیابوونەوەی ئیگۆ و *ئیگۆ ئایدیاڵ* بەرگەگرتنی زەحمەتترە و دەبێت بە شێوەیەکی کاتی لابرێت. لەم حاڵەتانەدا ئیگۆ دەتوانێت دژی قەدەغەکان بوەستێتەوە و ڕێ بە خۆی دەدات هەموو سنورێک تێکبشکێنێت، وەک لە کاتی جەژن یان کەرنەڤاڵەکانی کۆمەڵگای سەرەتاییدا، یان ملکەچی قەدەغەکانی *ئیگۆ ئایدیاڵ* بێت، واتە ئیگۆ ئایدیاڵێک کە «هەموو بەربەست و سنوورەکانی لە خۆیدا هەڵگرتووە و ئیگۆ دەبێت ملکەچی بێت...»[33].

ئایا ئەوەی باسکرا دەکرێت ئەو پێکهێنەرە ڕیشە دەروونییە ڕوونبکاتەوە کە پێناسەی ئەو دوودڵبوونەی میزاجی دەکات وا لە خەمۆکی مێلانخۆلیای و مانیادا تێبینی دەکەین؟ لەبەرئەوەی ئەو نەخۆشەی وا ئازاری مانیا دەچێژێت، هیچ خۆگرتنەوە و پرینگانەوەیەکی نیە، فرۆید پەرە بەو گریمانەیە دەدات کە تێپەڕین لە میلانخۆلیاوە بۆ مانیا دەکرێت واتای پرۆسەی کەوتنی *ئیگۆ ئایدیاڵ* لە ئیگۆدا ببەخشێت، واتە هەڵوەشانەوەی ئەو *ئیگۆ ئایدیاڵ*ەی کە زۆر توند بووە لای کەسی مێلانخۆلیایی. لە لایەکی دیکەوە، هەروەها دەتوانین وا بیربکەینەوە، کە ڕەنگە گۆڕانی مێلانخۆلیا(مالیخۆلیا) بۆ مانیا بەرئەنجامی پشێویەکی خوولی ئیگۆ بێت دژ بە ئیگۆ ئایدیاڵ «لەم کاتەدا ئیگۆ وەک بەرهەڵستییەک بەرامبەر توندڕەویی ئایدیاڵەکەی خۆی دەورژێت، کە بۆ ئیگۆ ئایدیاڵ لە حاڵەتی هاوشوناسبوون لەگەڵ ئۆبێکتی نەخوازراودا خۆی دەخاتەڕوو[34]».

[33]هەمان سەرچاوە، ل 122

[34]هەمان سەرچاوە، ل 124

## ئەفسانەی پاڵەوانی ـــ پێشڤەچوون بەرەو سایکۆلۆژیای تاکەکەسی

سەرەنجام فرۆید بەهۆی جیاکاریی نێوان ئیگۆ و *ئیگۆ ئایدیاڵ* گەیشت بەوەی باسەکە لە چەند خاڵێکدا پووخت بکاتەوە. یەکەم پەیوەندی بەو پێشڤەچوونەوە هەیە کە لە زەمەنە سەرەتاییەکاندا گوزارشت لە تێپەڕینێک لە سایکۆلۆژیای گرووپەوە بۆ سایکۆلۆجی تاکەکەسیی دەکات و دوای کوشتنی باوکی هۆزی سەرەتای دەکەوێتەگەڕ. فرۆید لە کاتی گەشەدان بە ئایدیاکانی خۆی لە تەوتەم و تابۆدا، باس لە گریمانەیەک دەکات کە لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا ململانێکانی نێوان براکان ڕێگربوون لەوەی جێگرەوەیەک بۆ شوێنی باوکیان دیاریبکەن. ئەو کەسەی کە توانیویەتی زاڵ بێت بەسەر ئەو قۆناغەی وا لە تێپەڕینێک لە کردارەوە بۆ وشە پێکهاتبوو، یەکەم شاعیری پاڵەوانیی بوو: هەر ئەو بۆ یارمەتیدان پشتی بە خەیاڵی خۆی بەستووە و چیرۆکی دەربارەی پاڵەوان چێکردووە، بەتەنیا بەسەر باوکیدا سەرکەوتووە و لە ئەفسانەدا جێگرەوەی وی بووە: «بەم شێوەیە، ئەفسانە ـــ هەنگاوێکە کە ڕێ بە تاکەکەس دەدات زاڵبێت بەسەر سایکۆلۆژیای گرووپدا [و لێی دەرچێت][35]». لێ فرۆید ئەوەشی دەخاتە سەر کە پاڵەوانە ڕاستەقینەکە کەس نەبووە جگە لە خودی شاعیرەکە کە بەرێگەی چیرۆکەکەی خۆیەوە خۆی لەگەڵ پاڵەوانێکدا هاوشوناسکردووە کە دەربارەی جوامێرییەکانی وی چیرۆکی بۆ گوێگران گێڕاوەتەوە. لوتکەی قۆناغی دواتر خۆبەخوداوەنکردنی پاڵەوانە ـــ پێشڕەوی گەڕانەوەی باوکی سەرەتایی وەکو خواوەند.

دواتر فرۆید ئەوە ڕووندەکاتەوە کە چ پەیوەندییەک هەیە لە نێوان خۆشەویستی لە لایەکەوە، و پاڵنەرە سێکسییەکان ـــ ڕاستەوخۆ و بەربەستکراوەکاندا لە پەیوەندیدا بە ئامانجەوە، لە لایەکی دیکەوە. دووەمیان هاوتای بڵندبوونەوە (sublimation)ـی پاڵنەرە سێکسییەکانە. بەڵام

---

[35] هەمان سەرچاوە، ل 127

پاڵنەرە سێکسییە ڕاستەوخۆکان کێشە بۆ دروستبوونی گرووپ قووتدەکەنەوە، کە ئێمەش ئەوە دەبینین کاتێک دوو عاشق لە قەرەباڵەغی خەڵک دووردەکەونەوە و بەدوای شوێنی نهێنیدا دەگەڕێن. کاتێک پاڵنەرە سێکسییە ڕاستەوخۆکان لە گرووپدا دەردەکەون، نزیک دەبنەوە لەوەی گرووپەکە هەڵبوەشێننەوە. بەپێچەوانەوە، فرۆید تێبینی ئەوە دەکات، لە گرووپە گەورەکاندا، وەک کڵێسا یان سوپا، : «شوێنێک بۆ ژن وەک ئۆبێکتی سێکسی نیە[36]» و ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە جیاوازیی ڕەگەزەکان هیچ ڕۆڵێک ناگێڕن. دواجار نیرۆسیس لەبنەڕەتەوە گۆشەگیرە، چونکە مەیلی لێیە تاکەکەس لە گرووپ دابڕێت: «[ئەو] هەمان ئەو کاریگەرییە هەڵتەکێنەرەی بەسەر گرووپەوە هەیە کە حاڵەتی عەشق هەیەتی[37]».

## کۆتایی

[36]هەمان سەرچاوە، ل 132

[37]هەمان سەرچاوە، ل 132

سەرنج: ئەم ڕاڤەیە کورتەیەکە لە خوێندنەوەکانی دەروونشیکاری سویسری "ژان میشێل کینۆدۆ" بۆ کارەکانی فرۆید لە پەرتووکی: «خوێندنەوەی فرۆید: هەڵکۆڵینێکی کرۆنۆلۆژییانە بۆ بەرهەمەکانی فرۆید» (2004). ئۆ. یا. ژوراڤلێڤ ساڵی (2012) لە فەرەنسییەوە بۆ ڕووسی وەریگێڕاوە. من بۆ پەرەگرافەکانی فرۆید کە نووسەر لە ناو ئەم خوێندنەوەدا باسیان دەکات، بە باشم زانی سەرچاوەکەیان لە پەرتووکەکەی فرۆید «سایکۆلۆژیا گرووپ و شیکاری ئیگۆ»ەوە بە ڕووسی وەرگرم، کە لە پەراوێزی (1)دا دانراوە، بەڵام نوسەر هەمان ئەو پەرەگرافانەی لە سەرچاوەی زمانی فەڕەنسییەوە وەرگرتووە.

سەرچاوە:

Киндо Ж.- М. Читая Фрейда: изучение трудов Фрейда в хронологической перспективе / Пер. С фр. О. Я. Журавлева.–М.: «Когито-Центр», 2012.- с. 288 - 298